# دەسەڵات و نەریتی فەرهەنگنووسی

**دکتور کەماڵ سولەیمانی**
**مامۆستای مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

دەکرێت لە هەندێ لایەنەوە، مێژووی ئەم سەد ساڵەی دوایی کورد بە مێژووی خەبات و شەڕ لە بواری زمان لە ئەژمار بدرێت؛ شەڕێکی ناهاوسەنگ، کە لە لایەکەوە چالاکییەکانی تاکەکەسی کورد بۆ پاراستنی یەکێک لە سەرەکیترین بنەماکانی شۆناسەکەیان و لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوە حکومییەکانی چەند دەوڵەتی جۆراوجۆر بەرەوڕووی یەکتر بوونەتەوە. لە ڕاستیدا، شەڕی زمانیی کوردیش وەکوو دیکەی خەبات و بەرخۆدانەکانی، لە بەرەیەکی نێودەوڵەتیدا دەکرێت. خەباتی تاکەکەسی بە ئامانجی گشتگیر و بۆ پاراستنی شوناسی کۆمەڵی لە بەرانبەر دەوڵەتەکان، شەڕی سەلماندنی تاکەکەسی لە بەرانبەر نکۆڵی کردنی نێودەوڵەتی. خەبات لەسەر ئەوەی کە کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و زمانی نەتەوەیەکە، لە بەرانبەر دیسکۆرسی دەوڵەتی کە کوردی نە بە زمان دادەنێ، نە هەبوونی دەسەلمێنێ و لە باشترین حاڵەتدا بە یەکێک لە زاراوەکانی زمانی فەرمی لە قەڵەمی دەدات.

پێشەنگەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بەباشی لە قووڵایی ئەم خەباتە و پەیوەندی ژیانی سیاسی کوردەکان لەگەڵ ژیانی زمانی خۆیان تێگەیشتبوون. ئەم جۆرە بۆچوونە سەبارەت بە پرسی زمانی دایکی دەتوانین لە وتەکانی یەکێک لە زانایانی کورد کە زیاتر لە ١١٠ ساڵ لەمەوپێش ژیاوە بەڕاشکاوی ببینین. مەلا سەعید کوردی (نەوڕەسی) لەگەڵ لۆمەی هاوچەرخەکانی خۆی، بەهۆی کەمتەرخەمیان بەرانبەر بە زمانی دایکی، ڕۆڵی ئەم زمانەی لە مانی کوردایەتیدا بەم شێوە وێنا دەکات: «ئەوەی زمانی زگماکی پێدەوترێت، ڕەنگدانەوەی هەستە نەتەوەییەکان، بەرهەمی داری بەرداری ئەدەب، ئاوی ژیان و ڕەمزی وەدەستهێنانی مەعریفە و وەرار زانستیی ئێمەیە.»[1] لە درێژەی وتەکانیدا، مەلا سەعید کوردی، وێڕای ڕێزگرتن

لە بلیمەتی ناسراوی باکووری کوردستان دەڵێت: «ئیزنم بدەن باشترین سەرچەشنی خیرەتی نەتەوایەتی بە ئێوە بناسێنم کە جەنابی {خەلیل خەیاڵی موتکی}یە کە وەکوو هەموو بوارەکانی هێمای هەستی نەتەوەیی، لە بواری زمانی زگماکیشدا شکی لە هەمووان بردووەتەوە.»[٢]

چیرۆکی توێژینەوە زمانی‌یەکانی خەلیلی خەیاڵی بەشێوەیەکی دیکە و دووبارە بە جۆرێکی سەمبۆلیک پەیوەندی بە بابەتی ئەم پێشەکی‌یەوە هەیە و ئەویش برێتی‌یە لە مەسەلەی فەرهەنگنووسیی ئەو کەسایەتی‌یە. مێژووی نووسینی فەرهەنگ و کۆکردنەوەی وشە کوردی‌یەکان، سەرەتا لەلایەن ئەولیا چەلەبی و دواتر لە لایەن ئەحمەد خانی بە نووسینی «نۆبیهاری بچووکان»، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەی زایینی (ساڵەکانی ١٦٥٠ و ١٦٥١).[٣] بەڵام نووسینی وشەنامە، وەکوو پرۆژەیەکی نەتەوەیی لە ناو کورد زیاتر لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی جیددی و تۆمارکراو، سۆراغی گیرا. لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی‌دا دەبینین کە عەبدولحەمیدی دووهەم، خەلیفە و بانگخوازی یەکگرتوویی ئیسلام، نەتەنیا چاپ و بڵاوکردنەوەی وشەنامە، بەڵکوو تەنانەت کتێبی «نەعتی پێغەمبەری ئیسلام»یش بە زمانی کوردی قەدەغە دەکات. زیادتر لەوە، خەلیفە فەرمان ئەدات کە ئەم جۆرە کتێبانە تەنانەت ئەگەر پێشتریش ئیجازەی بڵاوکردنەوەیان بە زمانی کوردی وەرگرتبێت لە ڕیزی کتێبە قەدەغەکان بێنە ئەژمار و دەبێ کۆ بکرێنەوە.[٤]

هەوڵی دەوڵەت بۆ ڕێگری لە پەرەسەندنی زمانی کوردی یان بۆ لەناوبردنی ئەو زمانە لە دوای عەبدولحەمید گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. پرسی فەرهەنگنووسیی خەلیل خەیاڵی خۆی وێنەیەکی سەمبۆلیک لە دژایەتی ناسیۆنالیزمی حاکم لەگەڵ زمانی کوردی نیشان دەدات. خەلیل خەیاڵی، بە هاوکاری لەگەڵ کەسایەتی ناسراو، زیا گۆکاڵپ، دەستی کردبوو بە نووسینی فەرهەنگی کوردی. ئەم هاوکاری‌یەی ئەو دوو کەسایەتی‌یە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ١٩٠٩ی زایینی، چون لەو ساڵەوە بەدوا، گۆکاڵپ بڕوای خۆی بە ناسیۆنالیزمی تورکی ڕاگەیاند و هەموو هەوڵی خۆی بۆ ڕێکخستنی بەستێنیی تواندنەوەی کۆمەڵگا ناتورکی‌یەکان لە نێو کۆمەڵگای تورکی‌دا وەگەڕ خست. وردەوردە کە گۆکاڵپ لە ناسیۆنالیزمی تورک نزیکتر دەبێتەوە زیاتر لە بن و بنچینەی کوردیی خۆی دوور دەکەوێتەوە، خەیاڵی ئاگادار دەکاتەوە کە بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی هاوبەشیان، کە هەمان ئەو فەرهەنگە کوردی‌یە بێت لە زێدەکەی واتا لە دیاربەکر ون بووە.[٥] بەم شێوە هەنگاوی سەمبۆلیکی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی زاڵ بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی دەست پێ‌دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین دەستپێکی ئەم شەڕ و بەرەنگاریەی ناسیۆنالیزمی زاڵ و هەوڵی کوردەکان بۆ پاراستنی شۆناسیان دەگەڕێتەوە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

بۆ کوردێک پرسی زمانیی و پرسی نەتەوەیی یەک شتە؛ پرسی زمانی بەشێکی جیایی‌هەڵنەگر لە پرسی سیاسی‌یە. بواری زمان لە بوارەکانی خۆڕاگری وبەردەوامی و مانەوەی شوناسی کوردی‌یە و ئەم شوناسەشە بە هەموو دەرکەوتەکانی‌یەوە بەردەوام مەترسی هێرش و

پەلاماری لەسەر بووە. هەموو سیاسەتەکانی زاڵ بۆ یەکدەست کردن و قاڵ کردنەوە دژ بە نەتەوە بندەستەکان، کە لەسەر بنەمای دروشمی یەک زمان و یەک وڵات داڕێژراون، لە جەوهەری خۆیاندا بەرگری لە لینگۆساید و سیاسەتی زمانکوژی دەکەن. سیاسەتەکانی زمان کوشتن بەگشتی هەڵگری تۆی ژینۆسایدن و دەتوانن پێشەکییەک بن بۆ بۆچوونی ژینۆسایدی لە بەرانبەر ئەویتر و شۆناسی ئەویتریدا. سیاسەتەکانی زمان کوشتن لە ناوەڕۆکدا دژی فرەیی و جیاوازین. لایەنگرانی ئەم سیاسەتانەش، جیاوازیی و فرەیی بە هەڕەشە دەزانن و هەرکاتیش کە دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە بێت، ستراتێژی سڕینەوە و لەناوبردن دەکەنە ستراتیژی سەرەکی و پلانی یەکەمی بەرنامە سیاسییەکانی خۆیان؛ نموونەی وا سیاسەتێک لە وتەیەکی ئەحمەد کەسرەویدا دەبینرێت کە دەیگووت: «هەرچی جیاوازی کەمتر لە ئارادا بێت باشترە.»[٦]

لە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوودا، زمانی کوردی هەڵبەت لە ئاستی جیاوازدا، لە بەستێنە سیاسی و فەرهەنگییە کوردۆفۆبیا و دژەکوردییەکاندا، سەرەڕای سەرکوت کردنی سیستەماتیک، بەردەوام بووە لە بووژانەوە و گەشە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە توێژینەوە و خوێندنەوەی زمانی کوردی تەنیا لە دوو حاڵەتدا ئیزنی یاسایی بووە: یەکەم، کاتێک کە دەوڵەتە زاڵەکان هیچ ڕێگاچارەیەکیان جگە لە بەکارهێنانی ئەم زمانە بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان و کەڵک وەرگرتنی ئامێرانە لەو نەبووە. دووەم، لەو کاتانەدا کە دەوڵەتەکان ویستوویانە بە ڕێگەدانی سنووردار بە توێژینەوە کوردییەکان گشتییەتی شوناس و هەبوونی نەتەوەی کورد فۆلکلۆریزە بکەن؛ بەو مانایە کە کوردبوون و زمانی کوردی بۆ ناو چوارچێوەی دابونەریتی ناوچەیی وەکوو هەڵپەڕکێ و گۆرانی دابەزێنن. ئەوان بەم کارە بە خەیاڵی خۆیان هەوڵیان داوە شوناسی سیاسی و فەرهەنگی کوردبوون بەتاڵ بکەنەوە و زمانی کوردی تا ئاستی زاراوەیەکی ناوچەیی دابەزێنن. ئامانجەکانی ئەم کارە دیپۆلتیزە و ناسیاسی کردنەوە و هەروەها نەزۆک کردنی تواناییەکانی زمانی کوردی بووە.

لە وەها حاڵاتێکدا، دەوڵەتەکان سەرەڕای شکست هێنان لە قەدەغە کردنی زمانی کوردیدا، ویستویانە دەرفەتی بەرهەم هێنانی زانستی لە ئەم زمانە قۆرخ بکەن تاکوو بتوانن توانایی تەسەوور (imagination) و پۆتانسیەلی بەنەتەوەیی بوون لە کورد بسێننەوە. واتا فوکووسی ستراتێژی ئەم دەوڵەتانە لەسەر ئەوە بووە کە زمانی کوردی تا ئاستی بەرهەمێکی فۆلکلۆریک و ئاسەوارێکی کۆن و میراتێکی ناوچەیی بێدەردیسەر، کە توانای ئامادەیی لە خەیاڵ و وێنای بەرەی نوێی مرۆڤی کورددا نەبێ، دابەزێنن.

لە باشترین حاڵەتدا، دەوڵەتەکان ویستوویانە بە دروست کردنی جۆرێک دیگلاسیا (diglossia) و قەڵیشت و دابڕانیی زمانیی نێوان کاری زانستی-پەروەردە و بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمانی کوردی، دەرفەتی ئیمکانی بە زمانی زگماکی لە کورد بگرنەوە و بەم جۆرە وردەوردە ئەم بنەما شوناسییەی ئەوان نەزۆک بکەن. بە واتایەکی تر، بە دەرکەوتنی

نیشانەکانی نەزۆکی، دواکەوتوویی و نەبوونی پەیوەندی ئەم زمانە لەگەڵ ژیانی هاوچەرخیان، کوردەکان ناچار بکەن کە زمانەکەیان لە سووچێکی چۆڵەوانیی حافیزەی مێژوویی‌یان‌دا، بەخاک بسپێرن. خەبات لە مەیدانی زمان بۆ کوردەکان بەمانای بەرخۆدان لە بەرانبەر لینگۆساید و زمانکوژی‌یە. واتا بەرخۆدانێکە کە کۆمەڵگایەکی بەکەمینەکراو بۆ پاراستنی خۆی و دەرکەوتە شوناسی‌یەکانی زیاتر بەشێوەیەکی تاکەکەسی لە بەرانبەر هێرشی بنەبڕکەر و هەمەلایەنەی هەموو ڕێکخراوە فەرمی‌یەکانی دەڵەوتی مۆدێرن _ لە بارهێنان و پەروەردەوە تاکوو یاسا و هێزە چەکدارەکان _ بەرەنگاریی کردوە و ڕاوەستاوە.

فەرهەنگ‌نووسی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، هەمیشە لەو پڕۆژانە بووە کە یان لە ڕێگای دەوڵەتەکان و یان لەلایەن دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە فەرمی‌یەکانەوە وەکوو ڕێکخراوەی زمانی تورکی (Türk Dil Kurumu) لە تورکیا و یان فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە ئێران، پشت‌گیری و ڕێ‌نوێنی کراوە. لە عێراقیش لە ساڵی ١٩٧٧، واتا دوو ساڵ پاش تێک‌شکانی شۆڕشی بارزانی، یاسای پشتیوانی و پاراستنی زمانی «ضاد» (عەرەبی) پەسەند کرا و توندوتۆڵ کردنەوەی زاڵێتی زمانی عەرەبی لە سەرووی سیاسەتەکانی پەروەردە و فێرکاری دەوڵەتی عێراق قەراری گرت. لە ساڵی ١٩٢٥، بە لوتفی پەسەند کردنی یاسای بنەڕەتی ئەوکاتەی عێراقی وابەستە و لە ژێرچاودێری بریتانیا، زمانی کوردی جۆرێک مافی یاسایی بوون و مانەوەی پێ‌درابوو. بەڵام دوای تێک‌شکانی شۆڕشی ١٩٧٥ کورد، وردەوردە ڕووبەڕووی سنووردانانیی دەوڵەتی بەعس بۆ زمانی کورد بووەوە. هەڵبەت ئامانجی هەموو ئەم ڕێکخراوە و دامەزراوانە، جگە لە پاراستنی زمانی دەسەڵات کە زیاتر بە زمانی فەرمی ناوی دەبەن، ڕیشەکێش کردن و لەناوبردنی زمانی ئەوی‌تری بن‌دەست بووە. هەروا کە نووسەرانی فارس بەئاشکرایی دەڵێن: دامەزراندنی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە ساڵی ١٩٣٤ «بە ئامانجی بەکارهێنانی زمان و ئەدەبیاتی فولکلۆری فارسی، پاڵاوتنی زمانی فارسی و بەهێزکردن و زاڵ کردنی شوناسی نەتەوەیی [بیخوێنەرەوە فارس] لە سەر شوناسە ئیتنیکی و ناوچەیی‌یەکان دیکە بووە.»[٧]

پڕۆژەی فەرهەنگ‌نووسی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لەگەڵ پڕۆژەی نەتەوەسازی لە لایەک و سڕینەوەی فەرهەنگی و زمانی و لانی کەم بەکەمینەکردن و بەپەراوێز خستنی ئەوی‌تر و لێ‌سەندنەوەی مافی حاکمیەت لە ئەوی‌تر لە لایەکی دیکەوە، پەیوەندی چڕوپڕی هەیە. واتا لەگەڵ ئەوەی کە پڕۆژەی فەرهەنگ‌نووسینیی فەرمی بەشێکە لە هەوڵی بەربڵاوتریش بۆ سڕینەوەی ئەوی‌تر لە کەشی زمانی‌دا، هەوڵێکیشە بۆ دەست داگرتن بەسەر بواری زمان لە ژێرناوی فەرمی و نافەرمی و شەرعییەت دان بە ستراتێژی لەناوبردن و سڕینەوەی ئەوی دیکەی «ناوخۆیی». دامەزراوە دەوڵەتی‌یەکان وێڕای بەکارهێنانی ئەم سیاسەتانە، بە دەست داگرتن بە سەر زمان، فەرهەنگ و وشەی ئەوی‌تردا، لە ژێر ناوی تورە (töre) و زاراوەی ناوچەیی(محلی)، دەس‌بەسەردا گرتنەکەی پتەوتر و بەم شێوە بە دروست کردنی هیرارشی زمانی، زاڵێتی خۆیان لەسەر نەتەوە و ئیتنیکەکان سەقام‌گیر دەکەن.

فەرهەنگ‌نووسـیی نەتەوە زاڵەکـان بە داتاشـین و داهێنـانی وشـەی نـوێ لە ڕێگـای دزی فەرهەنگی‌یەوە، توانای زمـانی خۆیـان لە بەرهەم هێنـانی زانسـت زیـاتر پەرەپـێ‌داوە. ئەم کـارە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کاریگەریی وەرگـرتن لە دیـکەی فەرهەنگەکـان جیـاوازی هەیە. چونکوو ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەسەر بنەمای دان پێ‌دانانی دیکەی فەرهەنگەکان وەسـتاوە، نە نکۆڵی کـردن و سـڕینەوەیان. لە پەیوەنـدی کۆلۆنیـال‌دا، وەک ئەوەی کـە لە کوردسـتان هەیە، بواری فەرهەنگ‌نووسی تەنیا بە ئامانجی دزی، تاڵان و زمان کوشتن لەلایەن نەتەوە زاڵەکـانەوە بەکـارهێنراوە. ئامـانجی ئەم پـڕۆژانەش، داسـەپاندن و سـەقامگیر کردنـی زیـاتری پەیوەنـدی کۆلۆنیالی زمانیی لەگەڵ ئیدیعای نەزۆک زمانی و هەوڵی لەنێوبردنی توانـایی دەروونـی زمـانی ئەوی‌تر بۆ هاوهەنگاویی لەگەڵ پێشـکەوتنی زەمـانە بـووە. بە واتـایەکی تـر، نەتەوە زاڵەکـان لە بواری زمانی، مافی تایبەت بە خۆیان دەدەن کە زمانی ئەوی‌تر بە زمانێکی سـەرەتایی، نەزۆک، بێ‌توانا لە بواری بەرهەم هێنانی زانست و تەکنۆلۆژیا بناسێنن و سەپاندنی زمانەکەی خۆیان بە کارێکی سروشتی نیشان بدەن و ئەو داسەپاندنەشیان بگەڕێننەوە سروشـتی بـزۆز و سـازگاریی زمـانی خۆیـان لەگەڵ پێشـکەوتن و گەشـەکردن. لـۆژیکێکی وەهـاش بەئاسـانی ڕێـگە بە ڕوونـاکبیری کۆمەڵگـای زاڵ دەدات کە پاگەنـدەی ئەوە بکـات کە: «بێ‌گومـان زمـانی فارسـی کـە... زمـانی ئەدەب و زانسـت بـووە، دەبـێ زمـانی سروشـتی و نەتەوەیـی ئێرانی‌یەکـان بێـتە ئەژمـار... زمـانی فارسـی لەچـاو زاراوە ناوچەیی‌یەکـان لە ئاسـتێکی زۆر بـاڵادا بەهێـزە و ئەم زاراوانەش هێشتا لە باری پێشکەوتنی زمانی‌یەوە لە قۆناغی سەرەتایی‌دان.»[8]

هەڵبەت لە پەیوەندی‌یەکەی وەها کۆلۆنیاڵ‌دا، ئەوی‌تر مرۆڤێکـی خاوەن‌مـاف نیـیە؛ مـافی ئاخـاوتن، نوانـدنەوەی خـۆی و زمانەکەشـی نیـیە. کەواتە، پێـوەری دروسـتی و هەڵەبـوونی هەڵـس‌وکەوت لەگەڵ ئەوی‌تـری بەردەوام و لە جەوهەری خـۆی‌دا بەرژەوەنـدی خـوازانە و ئەمنیەتـی‌یە. هەر بـۆیە، ڕوونـاکبیری کۆمەڵگـای زاڵ خـۆی بە خـاوەن مـاف دەزانێـت کە هۆشـداریی بـدات «ئەوەی پێش‌تـر بـاس کـرا بەو مانـایە نیـیە کە زمانەکـان یـان زاراوەکـان بە سیاسـەتێکی بەپەلە بسـڕینەوە و قسـەکردنیان قەدەغە بکەیـن کە ئەم بیرێکـی هەڵە و مەترسی‌دارە و لەبری ئەوەی ببێتە بیانوویەک لە دەستی جیایی خوازان [و دەبێ] بۆ دەوڵەمەند کردنـی زمـانی فارسـی کەڵکیـان لێ‌وەرگـرین.»[9] ئەوەی کە لەم چەنـد دێـڕەدا وتـرا و جێگـای نیقاشە، نەک پرسی بنەڕەتی مافی زمانی ئەوانی تر، بەڵکو ڕادەی خێرایی لە ڕیشەکێش کـردن و قەدەغەکردنـی زمانەکـانی کۆمەڵگـای ژێردەسـتە. بێـژەر و بەردەنـگ هەردوو یەکـن، واتـا هەردوویان لە گرووپی «زاڵ و خاوەن‌ماف» چونکـوو هەردوو بە زمانێـک واتـا زمـانی فەرمـی یـان زمانی دەسەڵات قسـە دەکەن. کەواتە، ئەوان مـافی تـایبەتی قسـە کـردن، سیاسـەت داڕێـژی، لەناوبردنی ئەوی‌تر، قەدەغە کردن و پێناسـەی زمـانی ئەوی دیکەیـان هەیە.[10] جیـاوازی نێـوان

بێـژەر و بەردەنـگ لە جـۆری زمـانی و ئیتنیکـی نیـیە، بەڵکـوو جیـاوازی لە ڕوانـگەی ئەوان‌دایە سەبارەت بەوەی کە چۆناوچۆن دەبـێ ڕەوتـی زاڵ‌بـوونی زمـانی دەسـەڵات سروشـتی و ئاسـایی نیشان بدرێت. چارە و سەڵاحیش هەمیشە ئەوان دەیزانن، چونکوو بە وتەیەکی کـۆن «سـەڵاح و چاکەی وڵات پاشا و خەسرەو دەیزانێ» یان بە زمانی ئەمڕۆیـی ئەوان دەیـزانن کە حـاکمیەتی و سەروەری سیاسی بە دەستیانەوەیە.

دابەش کردنی زمانەکان بە زمانەکانی ئەدەبی-زانستی و زمانە سەرەتاییەکان (primitive) پۆلێن‌بەندی‌یەکی سیاسی‌یە کە لەسەر ئاتۆریتەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی دانراوە، نەک کـاری زانسـتی. لە هـیچ ناوەنـدێکی زانسـتی جێـی بـڕوا، ئەم پۆلێن‌بەنـدی‌یانە ڕەوایـی نیـیە و بنەمـای زانسـتی نیـیە. چونکـوو گـۆڕینی بـواری زمـانی بە بـواری بەرەنگـاریی شارسـتانییەت و سەرەتاییەت، ئەرک و بەرپرسیارێتی «بەشارستانی کردنی» مرۆڤی «سەرەتایی» دەخاتە ئەستۆی مرۆڤی خاوەن شارستانییەت، کە بێ‌گومان ئەمە بەرپرسیارێتی‌یەکی کۆڵۆنیالیسـتیە. ئەم پـڕۆژە و بەرپرسـیارێتی‌یە، داوا لە مرۆڤـی خـاوەن ئەدەب و زانسـت دەکـات کە زمـانی خـۆی بە سـەر ئەوی‌تردا بسەپێنێت و شەرعییەت بە پڕۆژەی زمان‌کوژی بـدات. هەروەکـوو کە گەلێـک نموونـە لەم پڕۆژە کۆلۆنیالانە و لێ‌کەوتە ڕووخێنەرەکانی ئەو، لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین دەبینین.

پرسی ساختەچی‌یانەی دووانەی ئەدەب _ (زانست، شارستانییەت) _ سەرەتایی بوون و یان دابەش کردن زمانەکان بە زمانی گەشەکردن و زمانی نەزۆک، جـگە لە بەسـتێن خـۆش کردنـی مەعریفی، ئەخلاقی و ئاکادمیک بۆ لەناوبردنی زمانە ژێردەستەکان، هیچ شتێکی تر نییە. ڕێگـا خۆش کردنـە بـۆ وەخـۆگرتن و توانـدنەوەی زمـانی ئەوی‌تـر لە ڕێگـای سـتراتێژی‌یەکانی وەکـوو ئەرشیف کردن لەناو بنەماڵەی زمانی دەسـەڵات و هەروەهـا نـاوبردنی زمـانی ژێردەسـت وەکـوو ئەندامێک یان کلکی بنەماڵەی زمانی دەسەڵات، ئەنجام دەدرێت. ئاکادیمیسیەنی کۆمەڵگـای زاڵ لە ڕێگـای گـۆڕینی زمـانی ژێردەسـت بە یەکێـک لە بڕگەکـانی زمـانی دەسـەڵات، بـوار بـۆ سڕینەوەی بەتەواوەتی زمانی ژێردەسـت لە قۆناغەکـانی داهـاتوو، دەڕەخسـێنێت، واتـا پـڕۆژەی سڕینەوە و زمان‌کوژی لە ڕێگای سڕینەوەی وەخۆگرانەی زمانی ژێردەست، پێ‌وشوێن دەگیرێت. ڕووناک‌بیری زاڵ بە ئامادەکردنی بواری مەعریفی و پێناسەیی و هەروەهـا وەخـۆگرتن و دانـانی زمانی ژێردەست لە خوارترین ڕیزبەنـدی‌یەکانی دەسـەڵات، شـەرعییەت بە سـڕینەوەی نیهـایی زمانی ژێردەست دەدات و پاساو بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی دەسەڵاتی زاڵ دێنێتەوە. چونکوو لە ڕوانگەی ناسیۆناڵیزمی ژاکۆبێن و یەک‌دەسـت‌کەرەوە بـوونی زیـاتر لە یەک زمـان، هەمیشـە بـە هەڕەشەیەکی بنەڕەتی دەژمێردرێ.

ئەم ئاسـتە لە خـۆڕاڤەیی (self-interpretive) و مـافی پێناسـەی ئەوی‌تـر بە خـۆدان _ کە تایبەتە بە زمانی دەسەڵاتەوە، تەنیا بە پشت بەستن بە چەک و سوپا مسۆگەر دەبێت. هەر بـۆیە

وا شێوازێک لە شرۆڤە و خۆڕاڤەیی ئەگەر چەک لە پشتییەوە نەبێت نە شەرعییەتی هەیە و نە دێتەدێ. شایەتی ئەم ئیدیعایەش بەرهەمهێنانی بەرفراوانی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی لە چەن دەیەی ڕابردووە. جگە لە بەرهەم هێنانی چەندین فیلم لە ئاستی نێودەوڵەتی، ڕۆمان و شێعر، لە چەند دەیەی ڕابردوو، کورد سەرەڕای بەربەرەکانی و زاڵ بوونیان بەسەر مەحدودییەتی جۆراجۆری کەشی دژە کوردی، توانیویانە چەندین جۆرە وشەنامە بخەنە بازاڕی زمان و وێژەی کوردی. ئەم کتێبەی بەردەستیشتان نمانەیەکی بێوینە لەم جۆرە کارە ئەدەبیانەیە. کەواتە توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی وەکوو خودی سیاسەتی کوردی، سەمبۆلی هێزی خۆڕاڤەیی و خۆپێناسەیی ئەم زمانەیە. ئەم خۆپێناسەیە بەپێچەوانەی زمانی زاڵ لەبری پشتبەستن بە چەک، پشتی بە دەفرایەتی ناوخۆیی زمانەکەی خۆی بەستووە و هەمووڕۆژێ پێ‌ودانە پشتبەستووەکان بە گوللەی تەفەنگ تێکدەشکێنێت و جیهانی دەوربەری ناچار دەکات خۆی و ئەوانی تریش قبووڵ بکات.

ناسیۆنالیزمە زاڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، یەکگرتوویی زمانی بە گرینگترین پێداویستییەکانی یەکگرتوویی مێژوویی، نەتەوەیی و نیشتیمانی دەزانن. کەواتە، شەڕی مێژوو و سڕینەوەی ئەویتریان لە کەشی مێژووەوە هێناوەتە بواری زمان و بۆ دروست کردنی یەکڕیزی زمانی و سڕینەوەی ئەویتر لە بواری زمانیدا بەردەوام دەستیان داوەتە سڕینەوەی فیزیکی ئەویتر. ئەم بۆچوونە ژاکوبێن ئاسا و یەکدەستکەرە لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئەویتر لە ئاسەوارەکانی باوکانی ناسیۆنالیزمی زاڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر خۆی دەرخستووە. بۆ وێنە، ئاقاخانی کرمانی بڕوای «بە ئەوهەوەیی (sameness) زمان و مێژوو بووە»[11] پێیوابوو کە زمان و مێژوو یەکن. کەواتە، لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی ژاکۆبێن و یەکڕیزکەر بوونی زیاتر لە یەک زمان هەمیشە هەڕەشەیەکی بنەماییە. هەر بۆیە، بۆ شەرعییەت دان بە نەتەوەخوازیی پرایمۆردیاڵ، دەبێ ئەویتر بۆ هەمیشە لە کەشی مێژوویی بسڕدرێتەوە تاکوو بتوانرێت گێڕانەوەیەکی تەواو ڕەگەزپەرەستانە و ڕاسیستی لە ڕابردوو بە ساختەیی بنووسرێتەوە. بەڵام مێژوو هەمیشە بەربڵاوترە لە گێڕانەوەیەک لە ڕابردوو و بەردەوامیی ڕەوتی ئێستای مێژوو لە زمان، پێویستی بە پاکسازی زمانی خود لە ئەویتر و سڕینەوەی بەتەواوەتی زمانی ئەویترە تاکوو بتواندرێت پرۆژەی یەکگرتوەیی مێژوویی ناسیۆنالیزمی ژاکۆبێن تەواو بکرێت و هەڕەشەی بوونی ئەویتر بۆ هەمیشە کۆتایی بێت.

هەروا کە وترا لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا، کوردەکان لە ململانەیەکی زمانیدا ژیاون و بۆ پاراستنی شوناسی خۆیان لە بەرەیەکی نێودەوڵەتیدا بەرەنگاری ڕێکخراوەی جۆراوجۆری حکومی لەوانەش بواری یاسا بوونەتەوە و بەردەوام لە خەباتێکی نایەکساندا بوونە. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، کۆچی بەربڵاوی کوردەکان بۆ وڵاتانی دیمۆکراتیک و سەرهەڵدانی کوردستانی نیوەسەربەخۆی باشوور ـ سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان ـ کەشێکی بۆ بەرهەمهێنانی ئاسەواری ئەدەبی کوردی ڕەخساندووە. یەکێک لە کارە ئەنجامدراوەکان لەم

کەشە سنووردار و لانی‌کەمی‌یەدا، نووسین و چاپی وشەنامەکان بە زمانی کوردی بووە. بەڵام ماناترین بەرهەم لەم بوارەدا بێ‌گومان «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» بووە. ئەم فەرهەنگە کە بە پێ‌نووسی «سەلاح پایانیانی» نووسراوە، خاڵێکی کۆتایی لەسەر هەموو پاگەندە شۆینیستی‌یەکان دادەنێت کە لەپێناو شوناس سڕینەوە و مێژوو سڕینەوە لە زمانی کوردی و سیاسەتی لینگۆساید بۆ لەناوبردنی ئەم زمانە و پێناسە کردنی وەکوو زاراوەیەک لە زمانەکانی دیکە دەکرێت. «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» ئەرشیڤێکی زمانیی نەتەوەیی و ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی زمانی کوردی‌یە. «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» بەبایەخ‌ترین خەڵاتی مێژوویی‌یە کە تا ئێستا بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە و گەورەترین فەرهەنگی وشەی نەتەوەیی‌یە کە تا ئێستا کوردستان بەخۆیەوە بینیویە. «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» لە ڕاستی‌دا قەڵایەکی لەبن‌نەهاتوو و مێژوویی دروست کردووە و یەکێک لە بزێوترین پارێزەرانی زمان و ئەدەبی کوردی‌یە کە ئەم زمانە بۆ هەمیشە لە با و باران دەپارێزێت.

دەبێ لەبیری نەکەین کە وشەنامە نەتەوەیی‌یەکان، فەرهەنگ‌گەلێکی تایبەتن کە ڕووی قسەیان لە نەتەوە و وڵاتانێکی تایبەتە، هەر بۆیە دەتوانن بڵاوکەرەوە، هەڵگر و نیشانەی شوناسی نەتەوەیی بن و ببنە گرینگ‌ترین ئامێری ڕەوتی پلان‌ڕێژی زمانی نەتەوەیی. ئامانجی وشەنامە بەخشینی مانای هەمیشەیی بە وشە و چەمکی بگۆڕی زمانە کە کارامەیی زمان و هەلی لێک‌تێ‌گەیشتنی بەکارهێنەرانی بەرز دەکاتەوە؛ شلەژاویی زمانی کەم دەکاتەوە، بواری پەیوەندی ڕێک‌وپێک دەکات و ئامێری زمانیی پێویست دەخاتە بەردەست بەکارهێنەرانی زمانێک. وشەنامە، ژینگە و ڕوانگە و بەستێنی سازێنەری زمان تۆمار دەکات و دەیگوازێتەوە و لە ڕاستی‌دا بەردی بناغەیی ئەرشیڤی زمانی نەتەوەیەک دادەنێت. بەم شێوە، فەرهەنگ‌نووسی جگە لە تۆماری مێژووی نەتەوەیەک، هەوڵێکە لەپێناو ڕێک‌وپێک کردنی زانستی نەتەوەکە. زانست لە ڕێگای جۆرێک پۆلێن‌بەندی نەتەوەیی و پێداویستی‌یە تایبەتەکانی شێوازی نەتەوەیی بەخۆوەدەگرێت. فەرهەنگ ڕووی ناوازەی ئەم زانستە نەتەوەیی‌یە دێتە ئەژمار کە بە بەڵگاندنی زمان جگە لە تۆمار کردنی گۆڕان‌کاری‌یەکانی زمانی نەتەوە، زانستی نەتەوەییش سەقام‌گیر و فۆرم‌ڕێژ دەکات.

فەرهەنگێک بە پێوەجێیی و پتەوی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» خۆناوەندبینی، زمانی زاڵ بەئاسانی تووشی تەنگژە دەکات و بە دزەکردنە ناو کەشی تاک‌دەنگیی زمانی زاڵ، خۆگێڕانەوەیی، ئەو تووشی کێشە دەکات. ئەم فەرهەنگە وەکوو ئەرشیڤێکی مەزن، شەرعییەت و خواستی سروشتیی زمانی زاڵ بۆ زمان‌کوژی دەخاتەژێر پرسیار. «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» لە مەقامی ئەرشیڤێکی نافەرمی بنەڕەتی لۆژیکی ئەرشیڤی زمانی زاڵ و مێژوونووسی پشتیوانی ئەو لۆژیکەش لەرزۆک دەکات. ئەم فەرهەنگە بەڵگەنامەی بێ‌ژماری تێ‌دایە و دەربڕی ئەم ڕاستیەیە کە زاڵێتی زمانێک حەتمەن بەمانای توانایی لۆژیکی، شەرعییەتی جەوهەری و ڕەزامەندی ڕەها ئەوانەی کە ناچارن بیخوێنن و ئاخاوتنی پێ‌بکەن، نییە. لە باری

ئەرشیڤەوە، ئەم فەرهەنگە جگە لە تێکشکاندنی تاکدەنگی زمانکوژ، چییەتی لەرزۆکی ڕەوایەتی زاڵ لە بەرانبەر توانایی پەراوێز، لە پێکهاتەشکێنی و تێکهێنانی زمانی زاڵ، نیشان دەدات.

زیاتر لە یەک سەدەیە کە فەرهەنگنووسان و وشەناسانی زاڵ، بە ئیدیعای ڕاستینوێنی و بێلایەنیی زانستی، هێرشیان کردۆتە سەر فەرهەنگ و زمانی کۆمەڵگا ژێردەستەکان و بەستێنی مەعریفەتناسی، و سڕینەوە و ئاسیمیلاسیۆنی ئەویتر بۆ دەسەڵاتداره زاڵەکان دەڕەخسێنن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە توێژینەوە نوێیەکان نیشانی دەدات کە فەرهەنگنووسی بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە پڕۆژەی نەتەوەسازییە. هەربۆیە، وشەنامە بڵاوکراوەکان بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی و تورکی نە لەم ڕێسا و نەریتە ڕیزپەڕن و نە بێلایەنیشن. بایەخە زاڵەکان لەسەر ئەم نەریتی فەرهەنگنووسییە، بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو و هەروەها لێکدانەوەی وشەناسان لەگەڵ ڕیشەی وشەکان، دەستەوشەکان، تێگەی زمان و پێوەرەکانیان لە نیشان دان و دیاری کردنی زمان، زاراوە و بن زاراوەکان، بەتەواوەتی ئایدیۆلۆژیک بووە. فەرهەنگنووسی بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانە کە دەوڵەتەکانی بە دوای یەکدەست کردن و سازکردنی تەنیا یەک زمانی ستانداردەوە بوونە و هەوڵیان داوە بۆ بێئیعتبار کردن و بێبنەما نیشان دانی زمانەکانی ئەویتر، ئەم کارە ناتوانێت بە هیچ لەونێک بەری لە نیگەرانی ئایدیۆلۆژیک بن.

نووسەرانی ئەم فەرهەنگانە لە هەڵبژاردن و ڕاڤەی مانای وشەکاندا هاوڕێژ لەگەڵ حەزی سیاسی و ئیتنیکی خۆیان دەست دەدەنە توێژینەوەی زمانی. هەڵبەت دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەگەرچی فەرهەنگنووسی بەگشتی پڕۆژەیەکی نەتەوەییە، بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە کە هەر جۆرە فەرهەنگنووسییەک لەبنەڕەتدا بۆ سڕینەوە و نکۆڵی کردن لە زمانی خەڵکی ترە. کاتێک پڕۆژەیەکی وا دەتوانێ ببێتە ئامێری سڕینەوە و نکۆڵی کردن کە هاوڕێژ و هاوشان و هاوتەریب لەگەڵ ئەم دیسکۆرس و گوتاری زاڵی سڕینەوە وە نکۆڵی کردن بێت. فەرهەنگنووسی بەدوای پتەوکردنەوە و بەرزکردنەوەی زمان وەک یەکێک لە گرینگترین پێوەرەکانی شوناسی نەتەوەییە. هەربۆیە دەکرێت فەرهەنگنووسی وەک یەکێک لە ئامێرەکانی بەرهەم هێنان و شوناسی نەتەوەیی و ئیتنیکی بێنینە ئەژمار. لەم ڕووەوە، ئەگەر فەرهەنگنووسی وەک پڕۆژەیەکی نەتەوەیی بزانرێت، دوور لە ڕاستی نییە و ناکرێت کاری فەرهەنگنووسی بەدەر لە پەیوەندی دەسەڵات بزانین.

ئەوەی کە ناکرێت لەبیری بکەین ئەوەیە کە فەرهەنگنووسەکانی کۆمەڵگا زاڵەکان خۆیان بەرهەمی پەروەردە و ڕاهێنانی نەتەوەیین (میللی) و هەر بۆیەش بەقووڵی لەژێر کاریگەری بەئاسایی دیتنەکانی ناسیۆنالیزمی زاڵ دان و لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی زاڵەوە چاو لە مێژوو، زمان و فەرهەنگ و چەمکی نەتەوە دەکەن. هەر بەو بۆنەوەیە کە بە ڕوون و ئاشکرا بەئاساییدیتنەکانی(self-evidency) زاڵ لە بەرهەمە توێژینەوەیی و ئاکادمیکەکانی ئەواندا

ڕەنگــی داوەتەوە. ئەم بەســتێنە ناســیۆناڵیزمی‌یە زاڵە، ڕوانــگە و لایەنــی ئایــدۆلۆژیکی کــاری توێژینەوەیی ئەوان دیاری دەکات. هەر بۆیە زمان‌ناسان و زانستگایی‌یەکانی کۆمەڵگـای زاڵ لە جۆرێـک ناسـیۆناڵیزمدا گەمـارۆ دراون کە مایکـل بیلیـگ، تیئۆریسـیەنی نـاسراوی تـوێژینەوە ناسیۆناڵیستی‌یەکان، پێی‌دەڵێت ناسیۆناڵیزمی ڕۆژانە. توێژەر و ئاکادیمیسیەنی کۆمەڵگای زاڵ بەئاسانی ناتوانێت خواسـت و هەسـت و لەحنەکـانی داپـۆشراوی دەنگـی ناسـیۆناڵیزمی زاڵ لە کاری توێژینەوەیی خۆی ببینێت.

وشەنامە وەکوو دەق، پەیوەندە فەرهەنگی و زمانی‌یەکان و پەیوەندی دەسـەڵاتی هەڵقـووڵاو لە کۆدەقیی خـۆی بەرهەم دێنێـتەوە و دابەشـی دەکـاتەوە. هەروا کە «ڤەن دایـک» بەدروسـتی ئاماژە دەکات «هەر دەقێک، بەشـێکە لە کـۆدەق و کانتێکسـتی تـایبەتی خـۆی.»[12] لەسـەر ئەم بنەمایە. وشەنامەی نەتەوەیی دەتوانێت لە ئاستی پەروەردە و بارهێنـانی نەتەوەیـی‌دا، چییەتـی ناسیۆنالیسـتی هەبێـت. واقـیعە زمانی‌یەکـان لە کتێبەکـانی وشەناسـی‌دا، دیـاردەگەلێکی بەرهەسـت و شناسـایی‌هەڵگر و بێ‌پەیوەنـد بە ژینـگەی زمـانی، فەرهەنگـی و شوناسـی نـین. «ڕاستی زمانی لەسەر بنەمای دەیتاکانی ئێستای دیسکۆرسی فەرهەنگ‌نووسی دارێـژراوەتەوە و لە ئەسڵدا بەرهەمـی پرۆسـەیەکی نـوێ‌ژەن‌کردنەوەی پێک‌هـاتەیی‌یە_کە ئایـدۆلۆژیاش لەخـۆ دەگرێـت.»[13] زمان‌ناسـەکانی ئەمـڕۆ لەسـەر ئەو بـڕوایەن کە «وشـەکان و دەستەوشـەکان لە ناوەڕۆکی خۆیان‌دا مانایـان نیـیە و لە ڕاسـتی‌دا ئەمـرازگەلێکن... کە دەتـوانن لە سیسـتەمێکی نیشـانەکانی زمـانی، هەم واقیعـی ئینسـانی بنـوێننەوە و هەم دووبـارە بەرهەمـی بێنـنەوە. ئەم ئامێرانە دەتوانن وەک نیشانە یان هەڵگری دەسـەڵاتی زۆر بـاڵا لە بـواری هۆشـیاری هاوبەشـی کۆمەڵی بەکاربهێنرێن».

دەبــێ وەبیــر بهێنرێــتەوە کە لە توێژینەوەکــانی ئەم دوایــانە، لە بــواری وشەناســی و فەرهەنگ‌نووسی‌دا بابەتی بەرفراوان لە ئارادایە کە گەلۆ ئەم کارانە وەسـفی (descriptive) یـان تەجـویزین (prescriptive). بەتـایبەت لە تـوێژینەوە جیـدی و بەرفراوانەکـانی چەنـد دەیەی ڕابردوودا ناتوانن تەجویزی بوون (prescriptivism) واتا کـاریگەریی و ڕەنـگ‌دانەوەی هـۆگری‌یە ئایـدۆلۆژیکەکان، سیسـتەمی بـایەخی و حەزی سیاسـی وشـەناس لە کـاری ئەودا پشـت‌گوێ بخەن.[14] چونکوو بەوتەی «فەیر کلاف»، توێژەری دیسکۆرس‌ناسی، «بەکارهێنانی زمـان لەلایەن وشـەناس جـگە لە سیسـتەمی زانسـت و بڕواکـان، کـاریگەریی دەبێـت لەسـەر فـۆڕم‌ڕێژکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و شوناسی.»[15]

ئاشکرایە کە وشەناسی و فەرهەنگ‌نووسی پەراوێز، لەچـاو فەرهەنگ‌نووسـی تەریـب لەگەڵ سیاسـەتە زاڵەکـان، واقیـع‌گەرایی زیـاتری هەیە. وشەناسـی پەراوێـز بـۆ پشت‌ڕاسـت‌کردنەوە و سەلماندنی زانستی بـوونی تـوێژینەوەکەی خـۆی، پێویسـتی بە بەڵگەنـامەی جێـی متمانەتـر و زیاتر هەیە چونکوو دەبێت ئەوەی کە فۆکـۆ بـە «ڕێژێمـی حەقـیقەت» نـاوی دەبـات، بخـاتە ژێـر پرسـیارەوە. ڕێژیمەکـانی حەقـیقەت، جـگە لە پشـت‌گری سیاسـی، کـۆمەڵایەتی و ئـابووری،

پشتیوانی بێ مەرجی مەعریفیشیان هەیە. مەعریفە و زانستێک کە بکەوێتە دەرەوەی سنووری ئەو ڕێژیمانە، وەکوو نازانستی و دژبەحەقیقەت پێناسە دەکرێت. ڕەخنەگرتن و خستنە ژێر پرسیاری ئەم ڕێژیمانەی حەقیقەت، پێویستی بە بەرەنگاری دەسەڵات و سیستەمگەلی بایەخی مەعریفی باو هەیە، کە ئەویش پێوستی بە دیکۆمێنت کردن و هێنانە ئاڕای بەڵگەی بتمانەپێکراو و ڕیشە و جینیۆلۆجی وشەکان، لە ئاستێکی زۆر بەربڵاودا هەیە.

جگەلەمەش، وشەناسی پەراوێز، لە ڕووی نەریت و ڕێساکانی مەعریفیی زاڵ لەسەر توێژینەوەدا بەبێ لێهاتوویی دەناسرێت و لە هەر جۆرە پشتیوانی و پەلەتفۆرم و ڕاوێژ و دیسکۆرسی توێژینەوەیی بێبەشە. وشەناسی پەراوێز، پێش سەلماندنی شەرعیەتی پاگەندە و ئیدیعاکەی خۆی، دەبێ بیر لە سەلماندنی ئیعتیباری زانستی خۆی بکاتەوە. کەواتە، ڕێژەی بەخۆداچوونەوە (self-reflexivity) لە توێژینەوە و ڕەخنەگرتنەکانی پەراوێز زیاترە لە توێژینەوە هاوتەریبەکان لەگەڵ ڕەوتی زاڵدا، چوونکوو توێژینەوەکانی پەراوێز، پێچەوانەی توێژینەوە زاڵەکان، لە پەسەندکرانی پێشوەخت و پێشینی بێبەرین. ڕژێمەکانی حەقیقەت هەمان ڕژێمەکانی دەسەڵاتن کە بەرهەم هێنانی زانستیان دەستەمۆ کردووە (domesticated). لە بەرانبەردا، ئەو شتەی کە توێژەری پەرواێز دێنێتە مەیدان، ناساندن و بووژاندنەوەی بابەتی نائاشنا و زانستی دەستەمۆ نەکراوە. قبووڵ کردنی گشتگیری بابەتی نامۆ بێ ئەوەی ئاستێکی باڵا لە شایستەیی و توانستی زانستی هەبێت نایێتەدی و ئەمەش پێویستی بە خستنەڕووی ڕەچڵەکناسی نوێ لە دەسەڵات، زانست و لە کاری زمان و وشە-ئایدیاکان (word-ideas) هەیە. هەروا کە زمانناس، فیلیپ ئالات دەڵێت: «ئێمە ئێستا دەبینین کە نەک تەنیا ئایدیاکان بەڵکوو ئەو وشانەش کە ئەم ئایدیایانە ڕوون دەکەنەوە، خۆیان دیاردەگەلێکی مێژوویین؛ وشە-ئایدیاکان مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە.»[١٦]

## ژێدەر و پەراوێز


1. Said Nursî. *Içtımai Derslar*. Istanbul: Zehra Yancilik, 2013: 191.
2. Said Nursî. 2013. *Içtımai Derslar*. Istanbul: Zehra Yancilik,: 191.
3. IŞık, Ü. (2015). "Lêkolînek Li Ser Ferhengên Kurdî (1655 -1990)", *Anemon*, 1(3), 155-169.
4. Soleimani, K. (2016). *Islam and Competing Nationalisms in the Middle East (1876-1926)*, New York: Palgrave, 106.
5. Zinar, S. (Kadri Cemil. (1991). PaŞa Doza Kurdistan (Ku¨rdistan Davas): Ku¨rt Milletinin 60 Yıllık Esaretten KurtuluŞ SavaŞı Hatıraları. Ankara: Özge yayınları, 30.

٦. احمد کسروی. *ما و همسايگان ما*. پرچم هفتگي شماره ٦: ١

7. Fazeli, N. (2006). *Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the Twentieth Century*. New York: Routledge, 54
8. http://archive.fo/xA8sF.
9. http://archive.fo/xA8sF.
10. Soleimani, K & Mohammadpour, A. (2019) "Can Non–Persians Speak? The Sovereign's Narration of "Iranian Identity" ,*Ethnicities*, 19 (5), 925-947.
11. Tavakoli-Targhi, M. (2011). *Refashioning Iran Orientalism, Occidentalism and Historiography*. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 96.
12. Dijk, van T. (1990). "Social Cognition and Discourse," in Howard Giles and W. P. Robinson (ed). *Handbook of Language and Social Psychology*. Chichester England; New York: Wiley, 164.
13. Chen, W. (2015). 'Bilingual Lexicography as Recontextualization: A Case Study of Illustrative Examples in a New English-Chinese Dictionary.' *Australian Journal of Linguistics* 35.4: 311–333.

١٤. بڕوانە:

Be´ joint, H. (2010). *The Lexicography of English: From Origins to Present*. Oxford: Oxford University Press. Moon, R. (1989). 'Objective or Objectionable: Ideological Aspects of Dictionaries, or the Subversive Dictionary.' *English Language Research* 3: 58–94. Zgusta, L. (1980). 'Some Remarks on the Context of Lexicography' In Zgusta, L. (ed.), *Theory and Method in Lexicography*. Columbia: Hornbeam Press, 3–29.

15. Fairclough, N. (1992). Discourse and Social Change. Cambridge: Polity press, 137.
16. Beaulac, S. (2004). *The power of language in the making of international law: The word sovereignty in Bodin and Vattel and the myth of Westphalia*. Leiden: Martinus Nijhoff Publishers, vii.